**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی  (٢٥)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

# پێشینەی مێژوویی و ریشەی زمانەکانی لوڕی و لەکی و بەختیاری

لەک و لوڕ دووتایەفەی گەورەی ئێرانن کە لە ئوستانەکانی کوردستان، هەمەدان، کرماشان، لوڕستان، ئیلام، چوارمحاڵ و بەختیاری، کوهگیلویە و بەویرئەحمەد، خوزستان، فارس، بوشەهر، ئیسفەهان و ئوستانی مەرکەزی دا بڵاو بوونەوە. لەک و لوڕ لە عێراقیشدا هەن و بە فەیلی(محکی) نێودێردەکرێن و لە ناوچەکانی دیالە، سولەیمانیە، کەرکووک و خانەقین دەژین.




لوڕستانی گەورە پێش ئیسلام بریتی لە سێ بەشی (کابیانە، گریبانە ، مزاباتیک ) بوو. لە ئەدەبیاتی دوای ئیسلامدا بە (ماه نهاوند، ماه کوفە، ماه بصره) فره وفراوان نێوی براوە. بەڵام لە ڕاستیدا عەرەب دوو (ماه) یان هەبوو (ماه الکوفە، ماه البصره) مەبەست لە ماه الکوفە دینەوەر، کرماشان، حەلوان و نهاوەند و لوڕستان تا سیمەرە بوو. لە سەدەی ئەوەڵی کۆچیەوە تا زەمانی خەلافەتی هارونەڕەشیدی عەبباسی لوڕستان بەشێک لە ماه الکوفە بوو بەڵام دوایی لورستان بە دوو مەنتەقەی (مهرجانقذق و ماسبذان ) دابەشکرا کە تا سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی بەو نێوانە ناودەبرا.

(ابن خرداذبە) لە (بلادالفهلویون) و یاقوت حەمەوی لە (فتوح البلدان) دا لوڕەکان بە نێوی تایفەکانی کورد نێو دەبەن و لە بارەی وشەی لوڕەوە حەمدوڵڵای مستوفی دەڵێ لە کتێبی زوبدەتەلتەواریخ دا لە بارەی لوڕەوە ئاواهاتووە:

لە مانڕود ئاواییەکی لێیە کە پێی دەڵێن کورد و لەو ناوچەیە بەندێکی لێیە کە بە لوڕی پێیدەڵێن کول و لەوبەندە جێگایەکی لێیە کە پێیدەڵێن لوڕ و چونکە ئەسڵی ئەوان لەو شوێنەوە پەرەی گرتووە بۆیە پێیاندەڵێن لوڕ. جێگای شاری لوڕ لە سەرچاوە و کتێبەکانی بەشێک لە جوغرافیازانانی عەڕەبدا واساغکراوەتەوە کە لە دوو فرسەنگیی شاری دزفوولە. مانڕوودیش ناوچەیەک لە خوزستانە لە نێوان شووش و شووشتەر و ئیزەدا هەڵکەوتووە. شوارتز لە کتێبی (persien) دا دەنووسێ: لە مەڵبەندی گوندی شاپوور جێگایەکی لێیە کە پێیدەڵێن لیر.

لێرە بە پێویستی دەزانم پێش ئەوەی بێمە سەر پێشینە و مێژووی ئەدەبییاتی لوڕ ئیشارەیەک بە تایبەتمەندی ناوچەی شووش و شووشتەر و راماهورمز لە زەمانی ساسانیاندا بکەم، یانی چوارسەدساڵ بەر لەوەی ئەوەڵێن شیعری کوردی لەوناوچەیە بکوترێ.

شاپووری ئەوەڵی ساسانی، هراکلس سەرداری رۆمی لە ناوچەی رۆم شکانی لوڕستان شکستدا . رۆم شکان لە دوو وشەی رۆم/ شکان پێکهاتووە کە بەشی دووەمی لە زمانی کوردیدا بە مانای شکست

پێهێنانە. رۆم شکان یانی ئەو جێگایەی رۆمیەکان لەوێ شکستیان خواردووە. دوای شکان و بە دیلگیرانی هراکلس و لەشکرەکەی ، شاپوور فەرمانیدا ئەو ئەسیرانە شارێکی دانشگایی لە بەینی شووش و شووشتەردا دروست بکەن. نێوی ئەو شارەیان نا (وە آنتیوک شاپور) کە دوایە پێیاندەکوت گوندی شاپوور. ئەو شوێنە لە ٥٠٠ کیلۆمیتریی تیسفون پێتەختی سیاسی و نیزامی ساسانیەکان هەڵکەوتبوو کە لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە گەرەترین شاری عیلمی و دانشگایی سەردەمی خۆی. شارێک کە لەگەڵ ناوەندی عیلمی گەورەی ئەو سەردەم یانی ئەسکەندەرییە کە دوای هێرشی ئەسکەندەر بۆ میسر لە لایەن بەتلەمیوسەوە پایەگوزاری کرابوو، رەقابەتی دەکرد. جیاوازی گوندی شاپوور لە گەڵ ئەسکەندەرییە لەوەدابوو کە دەرس و راهێنانی کە لە ئەسکەندەرییە دەخوێندرا لەسەر بنەمای فکری و فەلسەفی یونانی و مەسیحییەت بوو و عیلم و زانستی دانیشمەندانی شەرقی لەوێ هیچ رۆڵیکی نەبوو بەڵام بە هۆی کۆبوونەوەی عۆرەفا، زانایان و دانیشمەندان و فیلسوفانی ئێرانی، هیندی، رۆمی، یونانی، سریانی و یەهوودی لە زانستگای گوندی شاپووردا ، ئەو ناوەندە بوو بە سەنتەری تێکەڵبوونی شارستانییەت و زانستی وڵاتانی ئاسیایی و ئورووپایی و شیمالی ئافریقا . ریازی زانەکانی هیندی و تەبیبەکانی یەهوودی و میعمارەکانی رۆمی و شیمیزانەکانی ئێرانی و ئەستێرەناسەکانی تورک و فیلەسووفەکانی میسری بێ هەرجۆرە دەمارگرژییەکی مەزهەبی، نێژادی، لەوێ خەریکی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی عیلمی و فێرکردنی ئەو دەستکەوتانە بە لایەنگرانی عیلم و زانست بوون. دوای شاپووری ئەوەڵ، لە زەمانی ئەنەوشیرواندا ئەو ناوەندە گەشەی زیاتری پێدرا. ناوبراو فەرمانیدا کتێبخانەیەکی گەورە بە نێوی(فرهنگستان) لەوێ دروست بکرێ و زانایانی نیشتەجێ لە گوندی شاپوور کتێب و رەسالەی زانستیی جۆراوجۆر لە سەر ریازیات، ئەدەب، پزیشکی، نجووم، فەلسەفەو هونەر لە زمانەکانی یونانی، رۆمی، عیبری، عەرەبی، قیبتی، هیندی و.... وەرگێڕنە سەر زمانی فارسی و لە کتێبخانەی گەورەی فەرهەنگستاندا کۆیان کەنەوە. دەورانی حکوومەتی نەوشیروان هاوکات بوو لەگەڵ حکوومەتی قەیسەر ژوستینین لە رۆم. لەوکاتەدا بە هۆی پەرەگرتووبوونی تەعلیماتی کلیسایی و بیرکردنەوەی دینیی مەسیحییەت کەشیشەکان و کاردینال و ئوسقۆفەکان لە سەر قەیسەر نفووزیان زۆر بوو و بە کردەوە دەستیان لە شێوەکانی دەوڵەتداریدا وەردەدا. ئەوکاتە سەرەتای دەورانێک بوو کە لە مێژوودا بە نێوی (قرون وسطی) تۆمار کراوە. کەشیشە مەسیحیەکان بە تۆڵەی ئەو تاوانانەی کە رۆمیەکان لە دەورانی ئیمپراتوریی رۆمدا ئەنجامیاندابوو و لایەنگران و پەیرەوانی دینی مەسیحیان لە مەیدانە گشتیەکان دابووە دەست گلادیاتۆرەکان و بەردەم شێر و ئاژەڵە وەحشیەکان ، هەرشتێکی کە ئاسەوارێکی شارستانییەتی یونان و رۆمی پێوەبایە بەتاوانی ئیلحاد نابوودیاندەکرد. بەشێکی زۆر لە بەرهەمی فیلەسووفان و دانیشمەندانی یونان و رۆمیان ئاور تێبەردا. بیرمەندان و عالمەکانیان بە تاوانی بڵاوکردنەوەی ئەفکاری دژ بە مەسیحییەت عەزیەت و ئازار دەدا. دەخالەت و نفووزی دادگاکانی تەفتیشی بیر و باوەرلە ژیانی رۆژانە و کۆمەڵایەتی خەڵکدا واپەرەی گرتبوو کە بووە هۆی ئەوەی سێڵاوی زانایان و هەڵکەوتووانی بیزانس و ئورووپا و شیمالی ئەفریقا بەرەو ناوەندی حکوومەتی ئێرانییەکان سەرریژ بکا . ئێرانییەکان هەرچەند لە نەزەر عەقیدە و فەرهەنگ و بنەماکانی فکری و فەلسەفی لە گەڵ ئەو دانیشمەندانە فەرقیان هەبوو بەڵام بە باوەشی ئاواڵەوە بەرەوپیریان چوون . بەشێکی زۆری ئەو بیرمەندانە لە ناوەندی عیلمیی گوندی شاپوور گیرسانەوە و بەرهەمە فکریە بایەخدارەکانیان وەرگێڕدراوە سەر زمانی پەهلەوی و لە کتێبخانەی گەورەی زانستگای گوندی شاپوور کۆکرانەوە. گوندی شاپوور دوای تیسفون کە پێتەختی سیاسی، نیزامی ئێران بوو، بوو بە

پێتەختی عیلمی و فەرهەنگی ئێرانییەکان. هەر چەند دوای دەسەڵاتداریەتی عەرەب ئەو گەنجینە عەزیمە عیلمیە وئەو زەخیرە بێ بەدیلە فەرهەنگییە تووشی کێشە و سەدەمەی زۆر هات ، دیسانیش بە حەول و هیمەتی خەڵکی فەرهەنگدۆست و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بەشێک لەو ئاسەوارە، شاردرانەوە و پارێزران.

دووسەت ساڵ دواتر و لە زەمانی هارۆونەڕەشیددا بە هیمەتی بەرمەکیەکان (دارالحیکمە) لە بەغدا بەرپا کرا. ئەو بەرهەمانە دەگەڵ کتێبەیونانیەکان بە هۆی سریانیەکانەوە کە زمانی یونانییان دەزانی تەرجومە کرانەوە سەر زمانی عەرەبی.

چوار سەدساڵ دوای هاروونەڕشید و مەئموون ئەو ئاسەوارە عیلمی و فەلسەفییە لەگەڵ نووسراوەکانی بوعەلی سینا و فارابی و ئەبووریحانی بیروونی و خارەزمی و ئیبنی روشد و....لە سەردەمی شەڕی سەلیبیەکاندا کەوتە دەستی دانیشمەندانی مەسیحی بەڵام ئەوجار ئەو ئورووپاییانەی کە لە (قورووتی وستا) دا دەیانویست ئەو بەرهەمە فکریانە لە ناوبەرن لە بایەخ و ئەهمییەتی ئەوکتێبانە تێگەیشتن و دەورانی زێڕینی دوای رێنێسانسیان دروست کرد . بە هەرحاڵ دوای نابوودکردنی گوندی شاپوور بە دەستی موسوڵمانەکان ، ئەو ناوچەیە کە ئەو زانستگایەی لێبوو هەروا ناوەندی عیلم و زانست مایەوە.

جاحظ لە کتێبی(البیان و التبیین ) دانووسیویە ، خەڵکی قەسەبەی ئەهواز لە لوغەتی پەهلەویدا فەسیحترینی ئێرانییەکانن و کەمێک باڵاتر لەو ناوچەیە زاراوەی تایەفەکانی باڵاگریوە، بەهاروەند، جودەکی، میر، قەڵاوەند و پاپی کە لە بەینی رێگای خورەماباد و دزفوولدا دەژین زاراوەیان زۆر نزیک لە پەهلەوی قەدیم و ئێرانیی دەورانی (میانە) بوو. یانی جێگایەک کە ئاخێزگای هەوەڵین شیعرەکانی کوردی بوو. کە شاعیرانی وەک بابالوڕە، باباڕەجەب، باباحاتەم و بابانجوم لورستانی لە قالبی هەوەڵین شیعرەکانی لوری و کوردیدا کوتوویانە. بەڵام لە بارەی لەکەکانەوە دەبێ بڵێم هێندێک لە سەرچاوەکان ئەوانیان لە تیرەی لوڕ زانیوە و نووسیویانە، چونکە جەمعییەتیان سەدهەزارکەس بووە بەوانیان کوتووە لەک چونکە لە لوغەتنامەکاندا لەک بە مانای سەدهەزارە. بەڵام خودی لوڕەکان دەڵێن ئەوان کوردن . لە لوڕستان زاراوەی لەکی لە نێوان تایەفەکانی سلسلە، دلفان و لە ناوچەکانی ئەلەشتەر و خاوە و تایەفەی بیرانوەند نزیک خوڕەماباد هەروەها تایەفەکانی پێشکوە یانی تەرحانیەکان و جەلالوەندەکان و هەلیلانیەکان رەواجی هەیە . هەروەها لە ئوستانەکانی هەمەدان و کرماشان و کوردستان لە نێو تایەفەکانی کولیوەند، ئەحمەدوەند و هرسینی و زەند و لە کەزاز و شازەندی ئەراک زاراوەی لەکی رەواجی هەیە. لە زاراوەی لەکیدا وەک کوردیی سۆرانی ساختاری (کنایەای) دەبیندرێ یانی جێگای (شناسە) لە ئاخری فێعلەوە دەبردرێتە آخری (اسم). وەکوو ئاوم خووارد کوردی سۆرانی

اوم هووارد لەکی

چیت وت لەکی و کوردیی سۆرانی

شاعیرانێکی زۆر بە زاراوەی لەکی شیعریان کوتووە کە ناودارترینیان باباتایری عوریان، مەلا مەنووچیهر کولیوەند، مەلا حەق عەلی و اڵلاە مرادە کە دیوانێکی بە نێوی (هشیارنامە) بە زاراوەی لوڕی هەیە. لە خوارەوە چەند دووبەیتی لە شیعرەکانی باباتاهیر دێنینەوە کە بە زاراوەی لەکی کوتوویەتی.

پەپخ رویی هەنی خورەم گیهان بی          زەمین خەندان بەرمان ئاسمان بی

پەپخ رویی هەنی ها زێد و سامان          نە جینان نام نە زانان نیشان بی

شەوتاراست و گرگان میزەنن میش          دوو زولفونت حەمایل کن بووره پیش

از آن کونج لەبەت بووسی بە مو دە          بەگو راه خودا دادەم بە دەرویش

لە نێو شێعرەکانی ئایینی یارساندا شیعرەکانی بابالورە، بابارەجەب و کەلامی خان ئەڵماس و غەم گرینی عەزیز پیرانوەند و هەفتوانەی پەهلەویانەی عەسکەری عالەم لە ناسراوترین شیعرەکانی ئەهلی حەقن. خان ئەڵماس بن محەمەد بەگی لوڕستانی ساڵی ۱۰۷۲ ی کۆچی لە لوڕستان هاتە سەردنیا و ساڵی ۱۱۳۸ وەفاتیکردووە ئەوە یەک لە شێعرە جوانەکانییەتی:

چوارگۆشەماتەن، چوارگۆشە ماتەن          سەرراف مە زانو چوارگۆشە ماتەن

بگیربیگرەن، سەلات سەلاتەن          ئەشوی شارانەن شاخوشین واتەن

نوتق ئەزەلەن ژ رۆژگاران          کوهان مارگیر وەدەشتان سوواران

تهە ک ئەو ماران ویم نە وەسوواران          ژارمار خاسەن ژ نێزەداران

تەک بدەیم وەدەم نیش مارەوە          نە ناموس دەدەم نیزەدارەوە

ماران مسولمان رایحەق شناسەن          سوواران کافر خودا نەشناسەن

سەرزەمینی بەختیاری لە چوار محاڵ (غرب اصفهان) تا شووشتەر درێژبۆتەوە. بەختیاری لە شیمال تا سەرحەداتی لوڕستان (اشترانکوە) و لە جنووبەوە دەگاتە کوهگیلویە . مەنتەقەی مەمەسەنی و کوهگیلویە ئێستا جوزوی ئوستانی فارسن کە شامیلی چوار تایەفەی بەو نێوانەن: بکش، جاوید، دشمنزیاری، و روستەم. مەنتەقەی کوەگیلویە لە ناحیەی باشت لە رۆژاوای محاڵی مەمەسەنییەوە دەست پێدەکا تا بیهبەهان درێژ دەبێتەوە و شاری بیهبەهان ناوەندی عومدەی تایەفەکانی کوەگیلویەیە. بەختیارییەکان لە فەریدەن، گولپایەگان و بروجردیش دەژین. سەرزەمینی بەختیاری بە هۆی چۆمی دز لە لورستان جیا دەبێتەوە. بەختیارییەکان بە دوو بەشی چوار لنگ و حەوت لنگ دابەش دەبن کە ئەڵبەتە حەوت لنگەکان ژمارەیان زیاترە. زمانی بەختیارییەکان لە توولی زەماندا بە هۆی تیکەڵبوون دەگەڵ ئەقوام و نژادی جیاواز تووشی هەرەسهێنان هاتووە و ئەورۆ لە زمانی بەختیاریی نوسەدساڵ لەوەپێس نیشانەیەکی زۆر نابینیەوە و وشەی زۆری فارسی تێکەڵ بە زمانی لوڕیی ئەوان بووە

وەرگیراو لە کتێبی (تاریخ تمدن کرد) نووسینی کامیل رەشادی

لە فارسیەوە کراوەتە کوردی